# یاسای یەکەم هەموارکردنی یاسای ژمارە (٢٠)ی ساڵی (١٩٩٣)ی وەزارەتی یارمەتیی مرۆڤایەتی و هاوکاریی هەرێمی کوردستانی عێراق

**بە ناوی خوای بەخشندەو میهرەبان**

**بە ناوی گەلەوە**

**ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق**

**ژمارەی بڕیار: ١٩**

**مێژووی بڕیار: ١/ ١٠/ ٢٠٠٠**

**«بڕیار»**

لەسەر ئەو یاساکارییەی کە ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق لە دانیشتنی ژمارە (٦)ی رۆژی (١/ ١٠/ ٢٠٠٠)یدا ئەنجامی داوە، پشت بەحوکمی برگە (١)ی ماددەی (٥٦) لە یاسای ژمارە (١)ی هەموارکراوی ساڵی (١٩٩٢)و، بەپێی ئەو دەسەڵاتەش کە برگە (٣)ی ماددەی دووەم لە یاسای ژمارە (١٠)ی ساڵی (١٩٩٧) پێمانی داوە، بڕیاری دەرهێنانی ئەم یاسایەی خوارەوەمان دا:

**یاسای ژمارە (٥)ی ساڵی ٢٠٠٠**

**یاسای یەکەم هەموارکردنی یاسای ژمارە (٢٠)ی ساڵی (١٩٩٣)ی وەزارەتی یارمەتیی مرۆڤایەتی و هاوکاریی هەرێمی کوردستانی عێراق**

**ماددەی یەکەم:**

ماددەی پێنجەمی یاسای ژمارە (٢٠)ی ساڵی (١٩٩٣)ی وەزارەتی یارمەتیی مرۆڤایەتی وهاوکاریی هەرێمی کوردستانی عێراق هەموار بکرێ

و بەم شێوەیەی خوارەوە بخوێنرێتەوە:

**ماددەی پێنجەم:**

پەیکەربەندی (پێکهێنەکانی) وەزارەتەکە لەمانە پێک دێ:

١- نوسینگەی وەزیر.

٢- نوسینگەی بریکاری وەزارەت.

٣- بەڕێوەبەرێتی گشتی دیوان: فرمانبەرێ بەپلەی بەڕێوەبەری گشتی سەرۆکایەتی دەکا بەمەرجێ بڕوانامەی سەرەتایی زانکۆیی هەبێ، ئەمانەی خوارەوەشی پێوە دەبەسترێ:

أ- بەڕێوەبەرێتی حسابات (ژمێریاری).

ب- بەڕێوەبەرێتی تەدقیقکردن.

ج- بەڕێوەبەرێتی ئیدارەو زاتییە.

٤- بەڕێوەبەرێتی گشتیی پێوەندییەکان: فرمانبەرێ بەپلەی بەڕێوەبەری گشتی سەرۆکایەتی دەکا بەمەرجێ بڕوانامەی سەرەتایی زانکۆیی هەبێ، ئەمانەی خوارەوەشی پێوە دەبەسترێ:

أ- بەڕێوەبەرێتی ڕێکخراوەکان.

ب- بەڕێوەبەرێتی تەنسیق و ئامادەکردنی پرۆژەو بەدواداچون.

٥- بەڕێوەبەرێتی گشتی سەفەر کردن: فرمانبەرێ بەپلەی بەڕێوەبەری گشتی سەرۆکایەتیی دەکا بڕوانامەی سەرەتایی زانکۆیی هەبێ.

٦- بەڕێوەبەرێتی گشتی نوێنەرایەتییەکانی هەندەرانی حکومەتی هەرێم: فرمانبەرێ بەپلەی بەڕێوەبەری گشتی سەرۆکایەتیی دەکا، بڕوانامەی سەرەتایی زانکۆیی هەبێ، بەمەرجێ، لەکەمی زمانی ئنگلیزی بەتەواوی بزانێ، نوێنەرایەتییەکانی هەندەرانی حکومەتی هەرێمی کوردستانی عێراقیان پێوە دەبەسترێ کە ئەم دەسەڵاتانەی خوارەوەیان پێ دەدرێ:

أ- تەحریری میرات «تحرير التركات».

ب- پێڕاگەیاندنی «تبليغ»ی ئەوراقی دادگایی.

ج- دەسەڵاتی هەقیانەتنووس « دادنووس».

د- بەجێ گەیاندنی داواکارییەکانی جێگرتنەوە لە لێپێچانەوەدا «الانابە فی التحقیق».

هـ- جێگرتنەوە لەسوێندداندا «الانابە فی التحلیف».

و- موخابەرەکانی معامەلەی حاڵوئەحواڵی مەدەنی.

ز- موخابەرەکانی کاروباری کۆنسڵگەری.

٧- بەڕێوەبەرێتی کاروباری یاسایی.

**ماددەی دووەم:**

هەر دەقێ پێچەوانەی حوکمەکانی ئەم یاسایە بێت، ناخرێتە کار.

**ماددەی سێیەم:**

ئەم یاسایە لەو ڕۆژەوەی کە لە ڕۆژنامەی ڕەسمیدا بڵاو دەکرێتەوە، دەخرێتە کار.

**د.ڕۆژ نوری شاوەیس**

**سەرۆکی ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق**

## «هۆكاری پێویست»

لەبەر ئەوەی کە ئەرکوفرمانی ئەم وەزارەتە، لە بواری بۆ هەندەران سەفەرکردندا زیاتر بووەو، چەندین بەڕێوەبەرێتی سەفەرکردنیش لە هەرێمەکەماندا کراونەتەوە کە پێویستیان بە بەڕێوەبەرێتیەکی گشتی هەیە سەرپەرشتی نیشەکانیان بکات وکاروباریان ڕێک بخات و، لەبەر رووڵەزیادبوونی ئەو پێوەندییە نێودەوڵەتییانەش کە لەگەڵ هەرێمی کوردستانی عێراقدا بەرفراوان بووەو، لەگەلێ دەوڵەتانیشدا نوێنەرایەتیی هەرێم کراونەتەوە، لەبەر ئەوانە هەمووی، وامان بەباش زانی، بۆ ڕێکخستنی کاروباری سەرشانخراوی ئەو دایەرانە کە پێویستە بە بەڕێوەبەرییەکی گشتییەوە ببەسترێ، ئەم یاسایەمان تەشریع کرد.